حکومەت جەخت لەسەر گرنگی هێزی پیاوانی ئایینی دەکاتەوە لە بەرەنگاربوونەوەی تووندڕەوی



محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران، ئەمڕۆ چوارشەممە جەختی لە گرنگی هێزی پیاوانی ئایینی لە یەکخستنەوەی وتاری گشتی وداخوازی هەڵتکردنەوەی تووندوتیژی و تووندڕەوی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کردەوە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە بڵاویکردەوە"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پێشوازیکرد لە ژمارەیەک لە ئەندامانی دەستەی باڵای ئەنجومەنی فیقهی عێراق.

وتیشی لە میانی دیدارەکەدا پێداچوونەوە بە دۆخی وڵات کرا، هەروەها هەوڵەکانی حکومەت بۆ پتەوکردنی سەقامگیری ئەمنی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کارکردن بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی گەلی عێراق خرایەڕوو.

سودانی جەختی لەسەر گرنگی هێزی پیاوانی ئایینی کردەوە لە گوتاری هێنمایەکەر و بانگواز بۆ نەهێشتنی تووندوتیژی و تووندڕەوی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، و ئاماژەی بۆ پێشکەوتنە بەرچاوەی

ئەمڕۆی عێراق کرد لە هەموو کۆرت و بوارەکاندا کە سەرجەم پارێزگاکان بەخێوە دەبینێت.

لە لای خێوە شاندی ئینجومەنی فیقهی ئیسلامی حکومەتیان لەجێبەجێکردنی پڕۆژەکانی خزمەتگوزاری و گەشەپێدان و هەماهەنگکانی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنان لەماوەی دوو ساڵی ڕابردووەدا لەبەغدا و پارێزگاکانی تر بەرزنرخاند، هەروەها شاندەکە ستایشی ئەکخستنی لووتکەی عەرەبی و گەشەپێدانی کرد لەبەغداد و دەرئەنجامەکانی و بەرزکردنەوەی پێگەی عێراق لێئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا.